کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

16-6-2007 19:41وروپا  ندی ئەکاتی ناوەبە

## گەڕانەوە ... نوسینی: بۆریس ڕژابنین ... وەرگێرانی لەفارسیەوە: شەیدا بلًباس - بەشی سێیەم

بەیانی زووتر لەکاتی دیایکراو، ڤێرا لەبەردەمی نەخۆشخانەی سەربازی ئامادەبوو٠ پاسەوانی بەر دە گاکەپێی گووت کەدەبێ چاوەڕێ بکات٠
لەپاش ماوەیێک کەبۆ ڤێرا - بەئەندازەی تەمەنێک بوو - بردیانەلای سەرتیپێکی بەساڵاچوو؛ کەلەسەر کورسی قەنەفەیێک تەواو رووچووبوو٠ بەچوونەژوورەوەی ڤێرا هەڵسایەسەرپێ و بەپێناسەیێکی ئاسایی، هەواڵی تەواوی هۆی گواستنەوەی ئەلێکسی بۆ نەخۆشخانەکەئاراستەکرد٠
لەدواییدا پزیشکی برینپێچ هات، کەچارەیێکی هیلاک و سەرسامی هەبوو٠ برینپێچ لەبارەی جۆری برینی سەربازان لەجەنگداو پێکراوی خۆی لەڕادەبەدەر، دەستی بەئاخاوتن کرد٠
ڤێرا زۆر بەسەختی دەیتوانی بەسەرخۆیدا زاڵ بێت، کاتێ گوێی لەووشەبێنەستەکانی پزیشک دەبوو؛ لێدراوێکی بەهێزی بەخۆیەوەدەبینی، کەتوانای خۆڕاگرتنی بەکۆتایی دەگەیاند٠ دەیویست هەر زوو ڕابکاتەبەشی بریداری فریاکەرەوەو ژوورەکەی ئەلێکسی پەیدا بکا، تا لەبارودۆخی ئاگاداربێت٠ کەچی پزیشکەکەبەمجۆرەدرێژەی بەقسەکانیدا:
- " ئەو برینداره‌بارودخێکی تەواو نالەباری هەیە، نامەوێت گفتی نائومێدتان پێبدەم٠ جۆرەها برینپێچی تایبەتی لەسەر کۆبۆتەوەو تا ئەم ساتە، دەتوانم بەسەقەتێکی تەواوی لەقەلەم بدەم٠ بە لام٠٠٠" ڤێرا ئەم وورتانەی لەدەمی پزیشکەکەوەدەردەچوون گوێی لێدەگرت و بەسەرلەقاندنەوەئاماژە ی ڕاستی حەشاردەدا، دەیویست تێبیگەیێنێ کەهەموو شتێک تێدەگات٠ لەم ساتەکاتی بەگوزەراندنێکی ئازاراوی دەکێشا: - بەڵێ ئەو سەقەت بووە٠ ئاخ خ ٠٠! بەس تەنها بهێڵن ئەو ببینم، ئیتر هەموو شتێک تەواو دەبێت٠"
ڤێرا هەروەکو لەساتێکی تامەزرۆیی بینینی ئەلێکسی خۆی دەخواردەوە، کەنەئاگای لەقسەکان مابوو، نەئەو تۆنی ئاوازەی کەئاراستەی گوێ لێبوونی هەبێ٠ هەروا لەسەیر و ئاماژەکانی بەچاویدا ئاڵوگۆڕ دەبوون، ئەویان دەخستەوەناو ڕاستەقینەکەوە٠
کاتێک سەرتیپەکەڤێرای بەمجۆرەبینی، هەستی کرد کەئەو هیچ لەقسەکانی نەگەییووە، ناچار بە شێوازێک سەرنجیدا کەبابەتەکەببڕێتەوە، گووتی:
-" خاتوونەئازیز و بەڕێزەکەم! ئەلێکسی باتۆرین، ئازاو بەجەرگی ئێمە، لەنەبەزی و قارەمانیدا بەسەر میندا ڕۆیووەو ماوەیێکیش لەبەفر و بەستەڵەکدا ماوەتەوە، و٠٠ قاچەکانی لەکارکەوتوون٠"
-" ئیتر قاچی نییە؟"٠
هەر لەم ساتەدا، ئەو ژوورەجوان و دڵگیرەی کەتێیدابوون، باری هەستێکی سەهۆڵبەندانی پەیدا کرد٠ ڤێرا هەڵساوەو بەتروسکەیێکی چاو، لەچاوەڕوانی نیگای سەرتیپەکەمایەوە٠
سەرتیپ بەچاکی بارودۆخی ئەوی هەست پێدەکرد، بۆیەجارێکی دی فەرمووی دانیشتنەوەی لێکرد٠ دە یویست درێژەبەقسەکانی بدا، کەچی وەک بڵێی ووشەکان لەناو زاریدا مەیی ٠٠ بەمنەمن گووتی:
-" ئەلبەتە٠٠٠ پرۆشکی تەقینەوەش٠٠٠ چاوەکانی لەبینایی ترازاندووە٠"

.ڕبرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوکرێنە کوردستان نێت دا بڵاودەی لەو نووسینانەئە

ڤێرا وای هەستکرد کەژوورەکەبەسەر یەکەوەدەخولێتەوە٠٠ وەک هاوسەنگی و کێشی لەزەوی دابڕابێت، وابوو٠ هەموو شتێک لەهەوادا کەوتەشەپۆڵ لێدان٠ گووتی:

-" کەواتەکوێریش بووە٠٠!"

دەمو چاوی لەسەرەتادا شێوەیکی چاوەڕوانی بەخۆیەوەگرتبوو، کەچی تادەهات ڕەنگی بەردەدا و سپی دەچۆوە، پزیشکەکەهەر بەخێرایی لەبەرداخێک ئاوی بۆ هێنا:

-" سوپاس، پێویست ناکات!"

ڤێرا بەرداخەئاوەکەی لادا و، بەهەراسانیەوەسەیری هەردوکیانی دەکرد٠ تا چەند ساتێک لەمەو بەر مایەی دڵخۆشی و، ئێستاش دەڵێی قڕاسانن٠ سەرتیپەکەنەیدەتوانی تیشکی هێڵی چاوەکانی لەسەر خاڵێک ڕاگیربکا و ژنەش کەچاوەکانی ئۆقرەی لێبڕابوو، خستیەسەری:

-" ئەلێکسی توانای قسەکردنیشی نەماوە٠٠ مەبەستم ئەوەیەکەبڵێم ئێستاکەووشەیێکیش دەرنابڕێت٠ بەڵام لەوا نەبێ لەماوەیکی درێژخایەن٠٠٠"

دونیای بێ ئامان، کەپاش چەند ساڵێکی تیرەڕۆژی، بەپیروەهاتنێکی بەگۆشەکانی چاوی ڤێرا نیشان دابوو، لەچەند کاژمێریکی تێپەر نەکرد، ژنەی ڕەنجەڕۆ لەڕۆژگاری نامورادی، دووبارەشوێن و جێگەی تیر و تاڵی لەدونیا پێبەخشیەوە٠ دەردو ئازاری دێرینەی بۆ جارێکتر سەری لێهەڵدایەوە٠ بەپشتی چە ماوەو بێدەنگ وەرگری ئەو هەموو نەهامەتیەدەبۆوە٠ ڕووچووەناو ناخی قەنەفەکەو بێ جوولەلەدیوارە کەی دەڕوانی٠

لەدوای ئەمەمرۆڤ هەتا دەنگی خۆشی پێ نائاشنا و نامۆ دێتەبەر گوێ٠

-" هەموو شتێکتان بەتەواوی پێڕاگەیاندووم؟"

-" بەڵێ، هەر هەمووی٠٠ بەڵام بڕواتان بێ ئەم گرفتەبۆ ئێمەش هێندەناخۆشە٠ بەڵام چارەیکم نەبوو! دەبوا بەم شێوەئاراستەت بکەم٠ هەروەها ئێستاش ناچارم کەلێت بپرسم کەوا نیازی چیتان هەیە؟! ئایەدەتەوێت ئەلێکسی ببەریتەوەماڵ، یا بەهۆڵی چاودێری نەخۆشخانەی بسپێریت؟ بۆ چاودێری ئەمان هۆڵی پەککەوتووان دروستکراوە٠٠٠ وەبەبۆچوونم بۆ ئەو هۆڵی پەککەوتووان چاکترە؛ لەبەر ئەوەی ٠٠٠"

-" نەخێر، پێویست بەهۆڵ و مۆڵ ناکات!"

ئەگەرئەمان ئاگایان لەپلەو پایەی ماڵی ئەلێکسی بوایەکەبەر لەجەنگ ژیانیان چۆن بووە، هەرگیز ڕێگەی ئەو پێشنیادەیان بەخۆ نەدەدا، تا ئاراستەی بکەن٠

.ربرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوکرێنە کوردستان نێت دا بلاٚودەی لەو نووسینانەئە